# بەرەو گۆران لە پەرلەمانی عراقیشدا

**لەتیف**

**توێژەری کار وکاروباری کۆمەلاَیەتی لە سوید**

دەنگدان ئەرکێکی هەستیارو نیشتماننپەروەرانەیەو وە زۆر جار وەرچەرخان لە چارە نوسی نەتەوەیەکدا دەکات . لە هەڵبژاردنەکانی 3/7 / 2010 دا لە باشوری کوردستان دەتوانی گەلێک گۆڕانکاری گرنگ و چارەنوس ساز بەدی بێت لە ڕیگەی دەنگی هاوەلاَتیانەوە بۆیە جێگەی خۆیەتی گەنجانی نەتەوەکەمان لەم پارچەی کوردستاندا بە جۆشو خرۆشێکی چڕوپڕەوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلمانی سەراسەری عێراقدا بەشداری بکەن و بە وێژدانێکی قوڵو قایمەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدانەوە بچن تا داهاتویەکی باشترو شیاوتر بۆ خۆیان و نەوەی دوارۆژی نەتەوەکەیان زامنکەن.

ئەوەی کە جێگەی خۆشحاڵیە، گومانتیدانیە بریتیە لەوەی کە لە باشوری کوردستان بزوتنەوەیک لە ژێر ناوی گۆڕاندا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جێگەوپێگەی خۆی لە ناو دڵی کۆمەلاَنی ڕەشوروتی بەشمەینەتی باشوری کوردستاندا کردۆتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەلاَنی خەلْک زیاترو زیاتر لە ناو ئەم بزوتنەوەدا خۆیان و داهاتوی خۆیان دەبینەوە. ئەوەی کە جێگەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار لە خۆرهەلاَتی ناوەراست بزوتنەوەیەک دێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە، کە تەنانەت زۆر جار لە لایەن دەم ودەزگاکانی راگەیاندنەکانی وەلاَتەکانی تروە وەکو بەدیلێکی شیاوو گونجاوی ئەم سەردەمە پێناسەدەکری بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە خۆرهەلاَتی ناوەراست. هیچ شکوو گومان لەوەدا نییە کە هێزی دینامیکی گەنجان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا کاریگەریەکی گەلیک بەر چاوی هەبوە لە گۆڕانکاریە کۆمەلاَیەتیەکان و شۆڕشەکانی زۆربەی نەتەوەکانی ئەم جیهانەدا، بۆ وینە لە شۆڕشی فەرنسەدا، شۆڕشی فەرەنسا یەکێک بوو لەو شۆڕشانەی کە گەنج کردی هەر وەک بزوتنەوەی گۆران کە زۆر لە گەنجان رێبەرایەتی دەکەن وە ئەمەش بێگومان دەبێتە مایە خۆشحالی کە بۆ یەکەم جار لە مێژوی نەتەوەکەمەندا ئۆپۆسۆنێکی جیدیو کاراما دروست دەبێت و بەرەروی ئەو دوو حزبە دەسەلاَتدارە دەبێتەو. بۆ یەکەم جار دوای هەژدە ساڵ لە پارلمان کوردستان وەچەرخانێکی گەلێک گرنگ روودەدات لە لایەن نێونەرانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە لە رێکەوتی 2010/2/22، بەراستی هەڵویستێکی هەستیارو دادپەروەرانە بوو کە بووە جێگەی خۆشحالی کۆمەلاَنی خەلْکی. دەسەلاَتدارانی کوردستان وەکو هەمیشە دەیاویست بوجە لە تاریکیدا رەتکەن، بەلاَم ئەوان لەهەڵەدا بوون کە لەپارلمانی کوردستان ئۆپسوێنیکی جدیو کارامە هەیە کە داکۆکی لە مافی هاوەلاَتی دەکات و ڕیگە نادات هەر وا بە ئاسانی بابەتە گرنگەکان تێپەرەن. ئەم هەڵوستەی نوێنەرانی ئۆپۆسیسیۆن دەسەلاَتدارانی هەرێمی کوردستان و نێونەرانی ئەوانی تووشی سەرسورمان کردوو، وە لە هەمان کاتدا شێوازیکی زۆر جوان و شارستانی ئەم سەردەمە بوو. ئەمەش بوە هۆی گۆرینی سونەتی (بەڵێ، بەڵێ) کەی رابردوو.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە من ئاماژا بە چەند خاڵێکی گرنگو بەنرخ کەم کە دەبێ بەبێتە ئەرکی سەرەکی بی ئەم لاولای بزوتنەوەی نوێنەرانی لیستی گۆڕان لە پارلمانی داهاتووی ئێراق. ئەو ئەرکانە بریتین لە یەکەم بزوتنەوەی گۆران دەبێ بەهەستێکی نیشتمانپەروەرانە و وریانەو کار کردن بۆ گەرانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە زووترین کات وە جێ بە جی کردنی مادەی 140 واتە گەرانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و وە دووەمیان وشیارانەو بە پلانێکی تایبەتەوە کار کردن بۆ سرینەوە نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و پاوانخوازی لە هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا داکۆکی کردن لە مافی هاوەلاَتی بە پێیوانە ئەخلاقی و سیاسیە کۆمەلاَیەتیەکانی نیونەتەوەیەکان.